## پشتیوانی له خواسته‌کانی خۆپیشانده‌رانی شاری قه‌لادزه ده‌که‌ین

به پی ی هه‌واله‌کانی ده‌زگا راگه‌یاندنه جۆراوجۆره‌کان ئه‌مرۆ سه‌دان که‌س له دانیشتوانی قه‌لادزه له‌سه‌ر بانگه‌وازی ده‌سته‌ی داکۆکی له خواسته‌کانی قه‌لادزه رژاونه‌ته‌شه‌قامه‌کان و ده‌ستیان داوه‌ته خۆپشاندان و داواکاریه‌کانیان به‌رزکردته‌وه به‌رانبه‌ر ده‌سه‌لاتدارانی شار.به تایبه‌تی خواستی دابین کردنی کاره‌باو ئاوو دروستکردنی ریگاو بانی گونجاو.

خۆپشانده‌ران به ریپوان و ووتنه‌وه‌ی دروشمه‌کانیان به‌ره‌و رووی بینای ده‌زگا به‌رپرسه‌کان چونه‌و داوایان کردووه تا چاویان که‌ویت به ده‌سه‌لاتداران بۆ وه‌ڵام دانه‌وه‌ی داواکاریه‌کانیان.پاشان نوینه‌رانی خۆپشانده‌ران چاویان که‌وتوه به قائممقام و گفتوگۆیان له‌سه‌ر دابین کردنی ئه‌و خواستانه‌کردووه‌و و به‌ڵینیان پی داون بۆیان جیبه‌جی بکه‌ن.نوینه‌رانیش به قایممقامیان راگه‌یاندوه ئه‌گه‌ر تا 10 رۆژی تر ئه‌و خواستانه جی به‌جی نه‌کریت ئه‌وه ئاماده‌ن به ریژه‌ی زۆرتر خۆپیشاندان بکه‌ن وتوندتر فشار بخه‌نه سه‌ر به‌رپرسان ئه‌گه‌ر ئاکامی ئه‌و خۆپیشاندانه توندو تیژیشی لی که‌وته‌وه ئه‌وه ده‌سه‌لاتداران به‌رپرسن له ئاکامه‌که‌ی.

هه‌ڵبه‌ت ئه‌م خوپشاندانه سه‌رکه‌وتوانه‌یه‌ی دانیشتوانی شاری قه‌لادزه به دوای زنجیره‌یه‌ک خۆپشاندان و مانگرتنی تر دیت له‌م چه‌ند رۆژه‌دا له شاره‌کانی کوردستان وه‌ک مانگرتن و خۆپیشاندانی قوتابیان زانکۆی سلیمانی و سه‌دان که‌س له دانیشتوانی شاری سلیمانی که بۆ سه‌ره‌گرتنی گازو به‌نزین وه‌ستا بوون و هاوکات خۆپشاندانی کارمه‌ندانی ته‌ندروستی و چه‌ندینی تر.

ئیمه له ده‌سته‌ی داکۆکی له خواسته‌کانی خه‌لکی کوردستان_ئوستراليا سه‌ره‌رای هاوپشتیمان له خواسته‌کانی سه‌رجه‌م خه‌ڵکی نارازی کوردستان به گشتی و خه‌ڵکی قه‌لا دزه به تایبه‌تی هاوکات به ئه‌رکی ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستانی ده‌زانین که داوا ره‌واو سه‌ره‌تاییه‌کانی ئه‌و خه‌ڵکه جی به‌جی بکه‌ن.وه ئیمه ده‌نگی نارازی ئه‌و خه‌لکه ده‌گه‌یه‌نین به رای گشتی ئوستراليا.

**ده‌سته‌ی داکۆکی له خواسته‌کانی خه‌ڵکی کوردستان_ئوستراليا**

**2006-11-21**